سەرۆک وەزیرانی سلۆڤاکیا لە ڕووداوێکی تەقەکردن برینداربووە

سەرۆک وەزیرانی سلۆڤاکیا، ڕۆبێرت فیکۆ لەدوای کۆبونەوەی حکومەت لە ناوەندێکی کولتوری لە شاری هاندلۆڤای ئەو وڵاتە، کاتێک لەبەردەم ناوەندەکە ویستویەتی پێشوازی لە لایەنگرانی بکات، گوللەی بەرکەوتوەو برینداربووە.

ڕۆبێرت فیکۆ گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانە و تەقەکەرەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە.

بەگوێرەی دیمەنەکان، دەنگی تەقاندنی چەند گوللەیەک بیستراوەو دواتر بینیویەتی سەرۆک وەزیرانی سلۆڤاکیا کەوتوەو پاشان لەلایەن پاسەوانەکانییەوە گواستراوەتەوە.

زۆزانا کاپوتۆڤا، سەرۆکی سلۆڤاکیا لە پەیامێکدا رووداوەکەی بە هێرشێکی "دڕندانە" ناوبرد و هیوای چاکبونەوەی بۆ سەرۆک وەزیران خواست.

رۆبێرت فیکۆ لە دواین هەڵبژاردنی وڵاتی سلۆڤاکیادا کە لە مانگی 9ـی ساڵی رابردوو بەڕێوەچوو، سەرۆکایەتی هاوپەیمانێتییەکی ناسیۆنالیستی پۆپۆلیستی دەکرد و دەسەڵاتی بەدەستهێنایەوە.